# له 8ی مارسدا

# ڕێکخراوێکی پیاوانه بۆ هۆشیار کردنەوەی پیاوان

كازیوه سالْح

8 ی مارسی سالْی ڕابردوو , ووتارێکم وەکو دیاری 8ی مارس بۆ پیاوێکی هاوکاری کیشەی ژنان نووسی , چونکه گەشتبووم بە باوەڕێك ئێمه له بری ئەوەی تەنها باسی مافی ژنان بکەین ,داوا له چەوسێنەران بکەین پابەندی هەندێ ڕێسای مرۆیی بن ,پێویسته زیاتر باسی ئەو پیاوانه بکەین که به ڕاستی له گەڵ مافی ژناندان , بۆ خۆد ڕاگەیاندن بانگەشەی بەتاڵ ناکەن , له بەر ئەوەی ژماره پیاوه ڕاست گۆیەکان له بواری مافی ژنان و ڕێزی ژناندا له پەنجەکانی دەست تیناپەڕێت ,بۆیه لەو دەرگا دانه یەك ئاسانتره و دوو ڕووی ڕاستی کەسایەتیه مونتاژکراوەکانی نێو مەیدانی حەقخوازی و مافی ژنان پەردەی له سەر هەڵدەماڵرێت ...بەڵام له کاتی نووسینی ئەو ووتارەوه واته له مارسی ڕابردووه تا ئەمڕۆ لەو غەمەدا بووم که کەسێکی شیاو و ڕاستگۆ له گەڵ بانگەشەکانی خۆی نەدۆزمەوه که له 8ی مارسی ئەمسالْدا گووڵی مارس له یەخەی بدرێت و پێی بگووترێت به هەق داکۆکی دەکات و پراکتیکیش دەکات له ژیانی کەسی خۆیدا . دلْەڕاوکێکەشم له جیگەی خۆیدا بوو , وا ئەمڕۆ 8ی مارسه وسالێك پشکنین و لێکدانەوه و چاودێری ئەوانەی که له هەردوو ڕووی ژیانی پراکتیکی و بانگەشه و نووسینەکانیان ئاگادارم , بی ئومێد مامەوه و تەنها یەك کەسیش لەو چاودێری کردنانه دەرنەچوو نەبوو به سیمبولێك له 8ی مارسدا ستایش بکرێت .

هەرچەند ناوەکانی نێو ناوەندی نووسین و ڕۆشنبیری زۆرن و ئەوانەش خۆیان به مافخواز و حەقخواز دەزانن ژمارەیان ئێجگار زۆرتره , بەلام مەخابن دەردی دووفاقیەت زۆربەی تاکەکانی کوردی ئالووده کردووه . له هەر لایەکەوه چرای دروشمێك درەوشابێتەوه هەوڵم داوه له دیرە سپیەکانی بگەم و له هەقیقەتی پاش نووسین و له ژیانی پراکتیکی کەسەکان بنوارم جیاوازییەکی هێنده گەورەم به دی کردوه , خەونی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵی کوردی به شۆك سپاردووه . ژمارەی ئەوانه چەند زۆرن که تووتی ئاسا کۆمەڵێ ووشەی له بەر کراوو له کۆڕ و سیمنار و دیدار و بۆنه وشوێنه گشتیەکاندا دەجوونەوه و به خەڵکی دەفرۆشنەوه , ژمارەی ئەوانه چەند زۆرن که مەسەلەی ژنان وەکو مانشێتێکی سەرەنج ڕاکێش بۆ بلاوکراوەکانیان و سەرنج ڕاکێش بۆ پێگەیاندن و ناوبانگی خۆیان به کار دەهێنن ,ژمارەی ئەوانەش کەم نین که ناوی ژن و کێشەی ژنان وەکو مەسەلەیەکی بازرگانی له وولاتانی دیموکراسیدا به کار دەهێنێت , بەلام ئێمەی ژنیش بەر له کەسانی نەخوێندەوار و نەریتی به دەست ئەو جۆره مرۆڤه دوو دەروون و دووفاقیانه دەچەوسێنەوەو کاروانمان دوا دەخرێت .گەر سەیری ژیانی کەسی ئەو جۆره کەسانه بکەین یەك دەر سەدی بانگەشه و گووتارەکانیان له نێو خێزانی خۆیاندا پراکتیك ناکەن , ئەوانه له بەر ئەوەی فێری هونەری قسەجوین بوون , خاوەنی کارخانەیەك تۆمەت و قسه و تەگەرەن له بەردەم ئەو ژنانەی که هۆشیاریان گەشتووه به ئاستی چونیەتی داواکانی خۆیان و ڕەتکردنەوەی بانگەشەکانی ئەم جۆره تووتیه . تەنانەت ئەو پیاوانەش که ئالوودەی دەردی توتیەکان نەبوون , بانگەشه و ئاکارەکانی ماڵەوەیان یەکه , ئەوانیش تووشی جۆره دەردێکی دی بوون , ئەویش دیسان دەردی دوو فاقیه له گەڵ بیروباوەڕی خۆیان و چونیەتی گواستنەوەی بۆ بەرانبەر ,واته گەرچی خۆی له دەرەوەی کرداری توتیه قسه جوەکانه , بەلام پاڵپشتێکی باش و شەرعیەت دەری ئاکارەکانیانه .پاڵپشتی ئەوان ورده کردوونی به سیمبولی دەمامکداری نێو کۆمەڵ . بۆ یەکەم جار گوێم له پیاوێکی کورد بوو که دەیگووت" هەست به مەترسی دەکەم گەر کچەکانم پەیوەندی خۆشەویستیان نەبێت , دەترسم ناتەواویەکی دەروونیان هەبێت و مرۆڤی سروشتی نەبن , چونکه مرۆڤی سروشتی له خۆشەویستی دانابڕێت و.." ئەو ڕستانه بەختەوەریان کردم که تەنها بۆ جارێك له ژیانمدا گوێم له پیاوێکی سروشتی دەبێت , پیاوێکی دەرەوەی دەمامکه درۆزنەکان و دەرەوەی بانگەشه بریقەدار و بێ سوودەکان , دەرەوەی مونتاژی کۆمەلایەتی و دەمارگیری پیاوەتی پیاوسالارانه و خێڵ سالارانه , پیاوێکی له ژیانی سروشتی و زانستی و هەقیقەت نزیك , به تایبەت له گەڵ هاوسەرەکەشی مامەڵەیەکی ئێجگار دروستی هەبوو ,بۆیه دەمویست 8ی مارس بەو مرۆڤه هەقخواز و ڕاستبێژه بسپێرم ...بەلام

ئەفسوس کاتێك بینم بووە بە هاوبەش و پاڵپشتی بانگەشە درۆزنەکانی توتیە سەرلێشێواوەکانی بواری ماف و ڕوناکبیری و ژنان , لەو ئومێدەش دابڕام و کەسێك نەما بە بێ خەوش بەرژەوەندی وەکو بیروباوەڕ هەڵگری ماف و یەکسانی و مرۆدۆستی بێت .بە بێ ترس ئاڵای مرۆیی بەرز بکاتەوە بڵێ هەڵگری ئەم بیروباوەڕەم و دژی گەندەڵی توتیەکانیشم یان لایەنی کەم گەر دژایەتی ناکات شەرعیەتیشی نەداتیە .

بەر لە ڕاپەڕین زۆر جار گوویم لە ژنان دەبوو دەیانگووت " خۆزگە پیاو دەبووم " بەڵام پاش ڕاپەڕین ئەو ڕستە و خۆزگە دەربڕینە کاڵ بووە و تا لە بە تەواوی بوو بە خواستێکی قێزەوون و ژنان هۆشیاریان گەشت بە ئاستێك کە شانازی بە ژن بوونی خۆیان زیاتر بکەن لە شانازی پیاوان بە پیاو بوونی خۆیان .ئەوەندەی لای ژنان کاڵ بوونەوەی ئەو خوزگەیە هەنگاوی ئەرێی سەپاند دوو هێندە ئەو دووفاقیەی پیاوانی کورد لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا تووشی بوون , پیاوانی بە لای خواست و هەنگاوی نەرێ بردووە بە تایبەت چینی لاوان . کە دەڵێم چینی لاوان تەنها پێ لە سەر ئەو خاڵە دادەگرم , ئەو ووشەیەی هەرگیز کوویم لێ نەبوو پیاوێك بخوازیت ژن بوایە نەك پیاو یان هەر ئافریدەیەکی دی , بەو دواییە بە تایبەت پاش مەسەلە شەرم هێنەرەکەی شێخ زانا چەند جارێك گوویم لێ بووە , پیاوان گووتویانە " شەرم لە پیاو بوونی خۆم دەکەم , یان خۆزگە پیاو نەبوومایە " بەڵام تەنها جارێك گوێم لێ نەبوو پیاوێك بیر بکاتەوە لە رێگەی ڕێکخراوێکی هۆشیارکەرەوە پیاوان لەو تەنگەژەی دوو فاقیانە ڕزگار بکات و ئەو خۆزگەش کە هەڵگری پاشخانێکی دەروونی ڕووخاوە زوو چارەسەر بکرێت .

ئەمڕۆ هێندە هۆشیارکردنەوەی سیاسی پێویستە دوو هێندە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵایەتی پێویستە , تەنها کۆمەڵی هۆشیار دەتوانیت ڕووبەڕووی سیاسەتی چەوت ببێتەوە , ئێستا لە هەندەران گرووپێك و هێزێکی فشار بۆ ئازادی ڕادەربڕین دروست بووە , کە لە داهاتوودا کۆمەڵی کوردی زۆر لێی سوودمەند دەبێت , بەڵام فشار هێنان بۆ یەك لایەن کیشە مرۆییەکانی ئێمە چارەسەر ناکات و ئەو فشارە بۆ هەموو بوارەکانی دیش پێویستە لە هەمووشیان گرنگتر هەبوونی ڕێکخراوێك یان گرووپێکی فشارە بۆ هۆشیارکردنەوەی پیاوان بەرانبەر بە ماف و خواست و چەوساندنەوەکانی ژنان و دەنگ هەڵبڕین بە ڕووی ئەوانەیاندا کە ئالوودەی جوینەوەی قسە بوون لە دەرەوەی کردار .چونکە تەنها ئەو کاتە دەتوانن بڵێن خاوەنی کاریگەری ئەرێ بووین لە میژووی خۆماندا و توانیومانە لە بەر و پێشبردنی کۆمەڵەکەمان بەشداربین کە توانیبیتیان بارودۆحی ژنان و مناڵان باش بکەن , هەر کۆمەڵێك ئەو دوو چینەی تێدا چەوسابێتەوە دەبێت خەونی پیشکەوتن دوا بخات بۆ ئەو سەدانەی جیگەی ئەوی تێدا دەکەنەوە . باوەڕ ناکەم ئەوەش بۆ ئەو گرووپە خەڵکە هۆشیار و تووڕە لە ئاکارە چەوت و دەمامك دارەکانی کۆمەڵی کوردی زۆر بێت و نەتوانێت ببێت بە خاوەنی ڕێکخراوێك بۆ هۆشیارکردنەوەی پیاوانی ناهۆشیار و شیکردنەوەی ناهۆشیاری ژمارەیەکی بە هۆشیار ناسراویشیان.

2006, March 8
Toronto
k.saleh@hotmail.com